# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**سالی 1880- 1882دوای زایین**

بەرگری شێخ عوبەیدوڵا کە بە بەرگری نەهری ش مەنشوورە. لە هاکاری ئاخرین و گەورەترین بەرگری بووە. شێخ سەرکردەی ئەو بەرگرییەی بەئەستۆ دەبێ کە دژبە ئێران و تورکیە تێکۆشاوە. لەو کاتەدا زۆربەی شەڕەکانی رووسیە و عوسمانی لە باکووری کوردستان رویداوە کە وێرانیەکی زۆری پێکهێناوە ! لە پێشدا عوسمانییەکان بەشێوەی ناراستەوخۆ بەهۆی ئینگلیزەکان لەباری تەقەمەنییەوە یارمەتی کوردەکانیان دەکرد بەڵام دوای کونفرانسێکی مەزنی کوردەکان لە باکووری کوردستان و ئازادکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان. وەرەق هەڵگەرایەوە و دوای داوای یارمەتی فارسەکان دەوڵەتی عوسمانی هێرش دەباتە سەر عوبەیدیلا و بەوجۆرە عوسمانییەکان لەیەک کاتدا لە دوو بەرە شەڕ دەکەن! بە نێوانجیگەری ئینگلیزەکان. عوبەیدیلا بۆ دانیشتنێک دەکێشنە ئیستامبوول و لەوی بەدیل دەیگرن و بەرگریەکەی دوایی پێ دێ و لە دورە وڵات سەر دەنێتەوە!

عوبەیدوڵا توانی زیاتر لە 220 دەستە و تایەفە و شیخ لەیەک ریزدا دژبە دوشمنانی کورد لە دەوری یەک کۆکاتەوە و هەستی ناسیولیستی لە نێو کورداندا بەهێزتر بکا!

مەسیحیەکان وەکوو ئەرمەنی و نەستۆریان بە هاوکاری لەگەڵ کوردان خەباتیان کردووە !

عوبەیدوڵا حەوڵی دەدا بۆئەوەی لاوان و گەنجەکانی کوردی بۆ ئوروپا بنێردرێن تا بە عیلم فێربوون و چێشتنی تامی دیموکراسی بتوانن پشتوانەیەک بۆ داهاتووی کوردستان بن!